# ئەو فیلمانەی زۆرترین داهاتیان بەدەست هێناوە لەم هەفتەیەدا

# "ڕووداوەکانی ساڵی ٢٠١٢" بایەخدارترین فیلمی ئەم هەفتەیە










ئاژانسی (ناسا) پێش چەند ساڵێك بڵاوی کردووەوە کە لەساڵی ٢٠١٢ ئەستێرەیەکی گەورە بەر زەوی دەکەوێت و کۆتایی بە ژیان دێت لەسەر هەسارەی زەوی، هەر هەمان دەزگاش لە ١٣ی ئەم مانگەدا لەزاری "دێڤید مۆریسۆن" کە گەورە زانایەکی ئەو ئاژانسەیە هەواڵی پێشووتری خۆیانی ڕەتکردەوە، و ئەو ئاخاوتنانەی بە بێ بنەما وەسف کرد. (NASA کورتکراوەی "National Aeronautics and Space Administration" کە ئاژانسێکی وڵاتی ئەمەریکایە، بەرپرسە لە هەموو ئەو پرۆگرام و دۆزینەوانەی لەسەر بۆشایی ئاسمان دەکرێت، لە ساڵی ١٩٥٧ دامەزراوە، ئێستا بەدەزگای یەکەم دادەنرێت لە جیهاندا لەو بوارەدا، و ساڵانە زیاتر لە ١٦ ملیار دۆلار بودجەکەیەتی)

فیلمی (٢٠١٢) باس لەو بەسەرهاتانە دەکات کەگوایە لەساڵی ٢٠١٢ کۆتایی بە ژیان دێت و هەموو شتێك تێکوپێك دەشکێت، و لەم ساتە ناخۆشانەدا کۆمەڵێك گەنجی پاڵەوان دەتوانن خۆیان لەوهەموو وێرانکارییەکانی جیهان دەرباز بکەن. "٢٠١٢" بەبڕی ٦٥ ملیۆن دۆلار بووە باشترین فیلمی ئەم هەفتەیە، ئەم بڕە پارەیەش ژمارە پێوانییە بۆ ئەم ساڵ، چونکە تائێستا هیچ فیلمێك بە سێ ڕۆژ نەیتوانیوە ئەم بڕە زۆرە پەیدا بکات. فیلمەکە لە دەرهێنانی "ڕۆلاند ئیمریچ" و پاڵەوانییەتی: جۆن کۆزاك، ئەماندا بیت، تاندی نیوتن، ئۆلیڤەر بلات، تۆماس مکارتی، وودی هارلسۆن، دانی جلۆفر، ولیام جیمس، مۆرگان لیلا. ئەمەش تەواوی باشترین فیلمەکانی ئەم هەفتەیەی ئەمەریکا بەپێی پەیداکردنی زۆرترین داهات:

**1 -** (٢٠١٢) ٦٥،٢٣٧ ملیۆن$، کۆی داهات: ٦٥،٢٣٧ ملیۆن$، بەیەك هەفتە.

**2 -** (Disney's A Christmas Carol) ٢٢،٣٠٨ملیۆن$، کۆی داهات: ٦٣،٢٧٢ملیۆن$، بە٢ هەفتە، پلەی پێشو:١

**3 -** (Precious) ٥،٨٧٤ ملیۆن$، کۆی داهات: ٨،٦٩٩ملیۆن$، بە٢ هەفتە، پلەی پێشو:١٢

**4 -** (The Men Who Stare at Goats) ٥،٨٦١ملیۆن$، کۆی داهات: ٢٣،٠٣٨ملیۆن$، بە٢ هەفتە، پلەی پێشو:٣

**5 -** (Michael Jackson's This Is It) ٥،٠٧٨ملیۆن$، کۆی داهات: ٦٧،١٩٠ملیۆن$، بە٣ هەفتە، پلەی پێشو:٢

**6 -** (The Fourth Kind) ٤،٦٠٥ملیۆن$، کۆی داهات: ٢٠،٤٤٩ملیۆن$، بە٢ هەفتە، پلەی پێشو:٤

**7 -** (Couples Retreat) ٤،١٦٤ ملیۆن$، کۆی داهات: ١٠٢،٠٤٥ ملیۆن$، بە٦ هەفتە، پلەی پێشو:٤.


**8 -** (Paranormal Activity) ٤،٠٤٣ ملیۆن $، کۆی داهات: ١٠٣،٦٩٠ملیۆن$، بە٨هەفتە، پلەی پێشو:٥

**9 -** (Law Abiding Citizen)، ٣،٧٩٦ ملیۆن$، کۆی داهات: ٦٧،١٩٠ملیۆن$ بە٥ هەفتە، پلەی پێشو:٨

**10 -** (The Box) ٣،١٥٨ ملیۆن$، کۆی داهات: ١٣،١٧٩ملیۆن$، بە٢ هەفتە، پلەی پێشو:٦

ئا: عەبدوڵڵا چنگیانی








# دۆمینیک حۆرانی:

# بەڵێن دەدەم گــــ



**دۆمینیك حۆرانی یەكێكە لە گۆرانیبێژە لوبنانیانەی كــە گۆرانییەكانی زیاتر لە ســتایلی میللییەوە نزیكن و هەر بەم جــۆرەش ناوبانگی دەركردووە، بەم دواییەش وەك زۆربەی كچە گۆرانیبێــژە لوبنانییەكان رووی لە بواری نواندن كــردووە لە فیلمی (البیە رۆمنســی) لەگەڵ محەمەد عادل ئیمام، بۆیە بە پێویســتمان زانی ئەم دیمانەیەی لەگەڵدا ساز بكەین.**

**دیمانە/ خەلیل بلەیی**
Xalil2001@yahoo.com

***وەك هونەرمەندێــك بوونت بــە دایك هیچ كاریگەری بەسەر كارەكانتەوە هەبوو؟**

- تەنیا لە كاتی سكپریم من خۆم بە كەمتەرخەم دەزانم بەرامبەر بە جەماوەر و هونەرەكەم، بۆیە دەمەوێ زۆر سوپاسی جەماوەرەكەم بكــەم بەرامبەر ئەو خۆشەویســتی و وەفایەی كــە بۆ منیان هەبوو.

لە كاتی ســكپڕیدا بڕیارمدابوو كە هیچ ئاهەنگێك ساز نەكەم بۆیــە نزیكەی نــەوەد ئاهەنگم ڕەت كردەوە كــە داوام لێكرابوو ئەنجامیان بدەم، بێگومان ئەمەش دوای ســەركەوتنی گۆرانی (خاشوگە) دێت كە گۆرانییەكی منە و تایبەتە بە ئاهەنگەكانی بووك گواستنەوە.

*** دایكایەتی چی لە ژیانی تۆ گۆڕیوە؟**

-خێزان گرنگترین شــتە لە ژیانی مندا، دایكایەتیش خۆشــترین هەســتە لە جیهــان و پێموایە نەك تەنیا بۆ مــن بەڵكو بۆ هەموو ئافرەتێك بە هەمان شێوەیە.

*** بە بەراورد لەگەڵ هونەرمەندانی دیكەی لوبنان هاتنە نێو بواری نواندنی تۆ درەنگ نەبوو؟**

- زۆر كارو ســیناریۆی جۆراوجۆرم پێشكەش كراوە، بەڵام رازی كردنی من زۆر ئاســان نییە، چونكە من زۆر وردم لە كاركردن ە هەڵبژاردنەكانمدا، هیوا و ئاواتەكانم زۆرن، لە هەمان كاتــدا داخوازییەكانم زۆر گەورەترن، من چاوەڕێی كاتی گونجاوم دەكرد، هەروەها چاوەڕێی ئەو رۆڵەم دەكرد كە ببێتە هۆی ئەوەی سەرنجم رابكێشێت و پێموایە لەم فیلمەدا ئەمەم دۆزییەوە.

***چۆن بوو بۆ بەشداری كردن لە فیلمی (البیە رۆمانسی) هەڵبژێردرای؟**

-محەمەد ئەلسەبكی پێش من چاوی بە چەندین كچی دیكە كەوتبوو، ئەوانەی

# ـــــۆرانییەک بڵێم ئاوازەکەی کوردی بێت

چاویان لەوە ئەوە بوو رۆڵەی بە من سپێردرا لە فیلمەکە ئەوان بیبینن، بەڵام ئەو واتە ئەلسەبکیی دەرهێنەر قەناعەتێکی تەواوی هەبوو کە ئەم رۆڵە بۆ من زۆر گونجاوە، حەزیشی کرد سوود لەناوبانگی هونەری من وەربگرێت، لەم بوارەشدا محەمەد عادل ئیمام زۆر هانیدا، چونکە محەمەد منی وەك هونەرمەندێك خۆشویست لە رێگای شاشەی تەلەفزیۆنەوە بەر لەوەی کەسایەتی منی خۆش بوێت، دواتریش یەکترمان ناسی ئێستاش زۆر خۆشمدەوێ وەك هونەرمەندێك و رێزی دەگرم.

*** هەستت چی بوو کە بەرامبەر ئەو هونەرمەندە گەورانەی وەك لبلبە و حەسەن حوسنی و چەندانی دیکە راوەستای و بەشداریت لە کارێکی سینەماییدا کرد؟**

- هەستێکی زۆر خۆشە، بەڵام وات لێدەکات هەست بە بەرپرسیاریەتی بکەیت، چونکە تۆ بەرامبەر کەسانی زۆر گەورە دەوەستی کە خاوەن مێژوویەکی سینەمایی دوور و درێژن، هیوادارم کە گەیشتمە تەمەنی ئەوان وەك ئەوان خاوەن ئەرشیفێکی هونەری پر لە کاری سەرکەوتوو و مێژوویەکی پرشنگداری هونەری بم.

*** لە بواری ئەکتەرییەوە کەسێك هەبوو هانت بدات؟**

- من هەر لە منداڵییەوە حەزم لە کاری نواندن بوو، ئەمە جگە لەوەی ئەوانەی دەورووبەرم زۆر هانیان دام، چونکە دەزانن من بەهرەی نواندنم هەیە و متمانەی تەواویشیان بە بەهرە وتواناکانی من هەیە، هەروەها من هونەرمەندێکی گشتگیرم کە هەموو جۆرەکانی هونەر پێشکەش دەکات وەك گۆرانی و نواندن و شانۆ و هونەری سەماکردن.

*** بەر لە ماوەیەك بەوە تاوانبار کرای کە لایەنگری لایەنێکی سیاسی لوبنانی دەکەی، ئایا ئەمە راستە؟**

- ئەم قەسەیە راست نییە، چونکە من هیچ پەیوەندیم بە سیاسەتەوە نییە نە لەدوور نە لە نزیك و بەهیچ شێوەیەك سیاسەتم خۆش ناوێت.

*** حەز دەکەی بچیتە نێو بواری مەسەلە سیاسییەکانەوە و ئایا گوێبیستیان دەبی؟**

- نەخێر بە هیچ شێوەیەك هەوڵی ئەوە نادەم گوێبیستی هەواڵە سیاسییەکان بم یان چاودێرییان بکەم، من دەڵێم: با سیاسەت بۆ سیاسەتمداران جێ بهێڵین و هونەریش بۆ هونەرمەندان و ئەوانەی لە بواری هونەریدا پسپۆرن.

*** ئەگەر داوات لێبکری خۆ بپاڵێوی بۆ پۆستێکی سیاسی ئایا رازی دەبی؟**

- نەخێر رازی نابم، چونکە من لە ژیانی سیاسەت و سیاسەتمەداران دەترسم، تەنانەت ئەگەر کەسێکی سیاسیەتمەدار بۆ من بێتە پێش ئەوا بە دڵنیاییەوە رەتی دەکەمەوە و پێی رازی نابم، تەنیا لەبەر ئەوەی کاری سیاسەت دەکات.

*** هاوسەرەکەت موسڵمانە تۆش مەسیحی چۆن بیروڕاکانتان لەگەڵ یەکتری دەگونجێ؟**

- من و هاوسەرەکەم لەبارەی ئایینەکانەوە کراوەین و رێز لە هەموو ئایینەکان دەگرین، هەروەها من نامەوێ لە دەزگاکانی راگەیاندن بە هیچ شێوەیەك باس لە ئایینەکان بکەم، چونکە ئەمە باسێکە تایبەت بە کەسایەتی مرۆڤەوە و زۆریش تایبەتە.

*** پێت وایە کەسێك هەبێت رکابەرێتیت بکات؟**

- هونەرمەندی سەرکەوتوو پیرۆزبایی لە سەرکەوتنەکانی هەموو هونەرمەندانی دیکە دەکات، بەڵام ئیرەیی پێ نابات.

*** کێن ئەو هونەرمەندانەی لێیان دەترسی و لێت دەترسێن بۆ ئەوەی شوێنیان بگرییەوە؟**





- سوپاس بۆ خوا من دەرفەتی زۆرم لە پیشە و کارم ئەوەندە زۆرە کە دەرفەتی ئەوەم نییە بیر لە کەسانی دیکە بکەمەوە.

*** چ جیاوازییەك هەیە لەنێوان دۆمینیکی ئێستا و دۆمینیکی بەر لە پێنج ساڵ؟**

- من ئێستاش هەر وەکو خۆمم، بەڵام ئێستا زیاتر لە جاران هەست بەوە دەکەم کە زیاتر خۆم پێگەیاندووە و هەست بە بەرپرسیاریەتی دەکەم، چونکە هەر سەرکەوتنێك هونەرمەند دەخاتە بەردەم بەرپرسیاریەتییەکی گەورەتر بەرامبەر بە جەماوەری خۆی.

*** چی دەزانی دەربارەی هونەری کوردی؟**

-بێگومان زانیاریم هەیە دەربارەی هونەری کوردی، چونکە من میوانی پاڵاوتنی کۆتایی بەرنامەی (عێراق ستار) بووم کە لەسەر کەناڵی سۆمەرییە پێشکەش کرا، زۆریش سەرسام بووم بە بەشداربووە کوردەکان، چونکە خاوەن دەنگێکی زۆر خۆش و بەهرە و توانایەکی هونەری زۆر بوون، هیوادارم دەرفەتی ئەوەیان بۆ بڕەخسێ دەرکەون و بناسرێن لە جیهانی هونەریدا و ناوبانگێکی باشیش پەیدا بکەن بەتایبەتی لە نێو وڵاتە عەرەبییەکان.

*** ئەی سەبارەت بە گەلی کورد چ زانیارییەکت هەیە؟**

- گەلی کورد گەلێکی کۆنە و خاوەن مێژوویەکی ناسراو و رەوشتی بەرزە یەکتریان خۆش دەوێت و هەستی نیشتیمانییان زۆرە بۆ وڵاتەکەی خۆیان.

*** هەوڵت نەداوە سوود لە ئاوازی کوردی وەربگری؟**

- زۆر حەز لە مۆسیقا و ئاوازی کوردی دەکەم، چونکە ئاوازە کوردییەکان رەسەنایەتییەکی زۆر هەڵدەگرن، هەروەها فۆلکلۆرێکی زۆریشی تێدا بەدی دەکرێت، بۆیە کاتێك گوێی لێدەگری وا هەست دەکەی کە دەتگەڕێنێتەوە بۆ نێو سروشتی جوان و رەسەنایەتی.

*** ئێستا زۆر هونەرمەندی عەرەب سەردانی کوردستان دەکەن، تۆش بیرت لەمە نەکردۆتەوە؟**

- ئەگەر دەرفەتێکی باشم بۆ بڕەخسێ و شتێکی باشی لەم جۆرەم پێشکەش بکرێ بۆ نا؟ هەروەها دەمەوێ ئەوەش بڵێم کە ئێستا من لە پرۆژەی ئەنجامدانی چەند ئاهەنگێك دەکۆڵمەوە لە کوردستان.

*** حەزت لە چ رەنگ و وڵاتێك و وەرزشە و چ جۆرە ئۆتۆمبیلێکت پێخۆشە؟**

- لە رەنگەکان حەزم لەپەمەیی و شاریش مۆناکۆ و لە ورزشیش زۆر حەز لە تێنسی سەر زەوی دەکەم و لە ئۆتۆمبیلەکانیش بینتلیم زۆر پێخۆشە.

***چ شتێکت هەیە بە خوێنەرانی گوڵان بڵێی؟**

- بە خوێنەرانی گۆڤاری گوڵان دەڵێم( ئێوەم زۆر خۆش دەوێ هیوا خوازم ئاشتی لە سەرتاسەری عێراق بەرقەرار بێت، هەروەها بەڵێنیان پێ دەدەم گۆرانییەك بڵێم ئاوازەکەی کوردی بێت.

## هەموو تەمەنێک مەرجی خۆی هەیە



ئێستا خانمە ئەکتەری ئەمریکی جۆلیانا مۆر پروپاگەندە بۆ دوو فیلمی نوێی خۆی دەکات کە بەم دواییە وێنەیان گیراوە، یەکیان بە ناوی (کلۆی) کە لە دەرهێنانی تۆم ئەگۆیانە لەگەڵ مندا سیفرید، دەربارەی فیلمەکە جۆلیانا دەڵی: تۆم خۆی دەیزانی چۆن فیلمەکە وێنە بگرێت و ئێمەیشی فێر کرد چۆن ئەو کارە بە سەرکەوتوویی ئەنجام بدەین، هەروەها هەمیشە نوکتەی بۆ دەگێراینەوە هەروەك چۆن لە دیمەنەکاندا ئەم کارەمان ئەنجامدەدا.

جۆلیانا هەروەها دەڵێ:

من لە تەمەنی ٣١ ساڵییەوە هاتمە نێو جیهانی هونەرەوە ئەمەش بە بەراورد لەگەڵ ئەکتەرانی دیکە تا رادەیەك درەنگ بوو هەرچەندە من بڕوام بەوە هەیە کە هونەرمەند لە هەر تەمەنێك دەتوانێك شتێکی تایبەت بەو قۆناغەی ژیانی ئەنجام بدات، بەڵام هەر تەمەنێك مەرجی خۆی هەیە بۆ کار کردن بۆ نموونە من کە تەمەنم٤٩ ساڵە ناتوانم رۆڵێك ببینم کە تەمەنی ٣١ ساڵی بێت، سەرەڕای ئەوەش مرۆڤ دەبێ تەمەنی خۆی تەرخان بکات بە شێوەیەك کە بتوانێت ژیانی بە خۆشی بەسەر بەرێت و تێیدا سەرکەوتوو بێت، چونکە هیچ شتێك هەتا سەر بەردەوام نابێت.

شایەنی گوتنە جۆلیانا لە ساڵی ١٩٦٠ لە دایکبووە و لە ساڵی ٢٠٠٧ کتێبێکی تایبەتی بۆ منداڵان چاپ کردووە و لە ساڵی ٢٠٠٩ خەڵاتی "هولیوود ئەوورد"ی بەدەستهێناوە.

## ماریا مەعلوف : رژێمە عەرەبییەکان هاووڵاتیانی خۆیان ناپارێزن


ماریا مەعلوف یەکێکە لە راگەیاندنکارە عەرەبە بەناوبانگەکان کە بە بەرنامەی (بدون رقیب) زیاتر ناوبانگی دەرکرد، ماریا بەوە ناسراوە کە زۆر دژایەتی سیاسەتەکانی ئەمریکا دەکات لە بەرنامەکانیدا، بەڵام بەم دواییە و بۆ منداڵ بوون سەردانی ئەمریکای کرد تاکو منداڵەکەی راستەوخۆ رەگەزنامەی ئەمریکی وەربگرێت ئەمەش وایکرد کە دووچاری رەخنەیەکی زۆر ببێتەوە. دەربارەی ئەم رەخنانە ماریا دەڵێ: من متمانەی ئەوەم بە رژێمە عەرەبییەکان نییە کە بتوانن هاووڵاتیانی خۆیان بپارێزن، پەیامی بەرنامەی من ئەوەیە( بەرنامەی گەلان بۆ ویژدانی حاکمەکان) لێرەوە داوا لە هەموو دەسەڵاتدارە عەرەبەکان دەکەم کە زۆر باشتر بن لە گەلەکانیان لە پێناو مێژوو بۆ ئەوەی بە ویژدانەوە حوکم بکەن، من هێرش ناکەمە سەر ئەمریکا وەك وڵات و دەوڵەتی موئەسەساتی، من دژی ئەو ئیدارە ئەمریکیانەم کە لایەنگری ئیسرائیل دەکەن بەتایبەتی ئیدارەی جۆرج بوش، جیاوازییەکی زۆر هەیە لە نێوان هاووڵاتییەکی ئەمریکی و ئەوەی لە ئەمریکا دەژییت وەك دەوڵەتێك کە بڕوای بە مافی مرۆڤ و دیموکراسیەت هەیە لەگەڵ ئەو ئیدارانەی دژی عەرەبن، چونکە زۆر لە ئەمریکییەکان هەن دژی حکومەتەکانیانن و لایەنگرێکی بەهێزی عەرەبن.



## وێنەیەکی ئیڤا روداوی هاتوچۆی لێکەوتەوە

ماوەیەکە لە شەقامەکانی نیویۆرك ریکلامێکی سەرنجراکیش هەڵواسراوە کە بووەتە هۆی بەر یەککەوتنی چەند ئۆتۆمبیلێك، وێنەکە هی هونەرمەند و گۆرانیبێژی لاتینی ئیڤا مەندێزە کە بڕیاریداوە لە ریکلامێکی مارکەی "کالفن کلاین"ی تایبەت بە جلوبەرگ دەربکەوێت، لەم وێنە سەرنجراکێشەدا ئیڤا بە جلوبەرگی ناوەوە دەردەکەوێت کە زۆر تەنکە تا رادەیەك کە لەشی بە تەواوی دەرکەوێت، جگە لەمە ئیڤا بەشداری لە ریکلامێکی دیکەی هەمان کۆمپانیا کردووە، بەڵام ئەمەیان بە شێوەی ڤیدیۆیە لەویشیان لەسەر قەرەوێڵەیەك کەوتووە.

ئیڤا رازی بوو وێنەکان لەسەرتاسەری نیویۆرك هەڵواسرێن بێ ئەوەی هیچ مەرجێکی تایبەت دانێت، بەمدواییەش سەردانی ئەبوزەبی کرد بوو دەڵێ: بەر لەوەی بێم بۆ ئەبوزەبی پێم وابوو رێگام پێ نادەن جلوبەرگە سەرنجراکێشەکانم بپۆشم، بەڵام پێشبینییەکانم وا دەرنەچوون و من ئازاد بووم لە پۆشینی هەر جلوبەرگێك هەروەك چۆن لە نیویۆرك دەردەکەوم.





# هیوادارم لە هەولێر جەماوەر وەكو سلێمانی دڵم نەشكێنێت

## هونەرمەند تارا رەسوڵ بۆ : گوڵان

**تارا رەسوڵ ئافرەتێكی بوێری ناو هونەرو گۆرانی كوردییە، ساڵانێكە لە خزمەت هونەری گۆرانیدا بوونی خۆی سەلماندووە و خاوەن ستایل و ئەدایەكی تایبەت بە خۆیەتی وەهەر بۆیەش ئەمە وای كردووە كە جەماوەرێكی زۆر هۆگری دەنگی خۆی بكات لەگەڵ ئەوەی تارا رەسول ساڵانێكە لە تاراوگە ژیان دەگوزەرێنی، بەڵام ئەو هونەرەی پێشكەشی دەكات هونەرێكی رەسەن وكوردانەیە، هەمیشە بۆنی هونەری كوردی لێدێت ماوەیەكە بەمەبەستی ئەنجامدانی چەند كارێكی هونەری گەڕاوەتەوە كوردستان بۆ ئەم مەبەستەش لە شاری سلێمانی كۆنسێرتێكی گۆرانی سازكرد و ئەگەر بارودۆخەكە گونجا لەوانەیە لە شاری هەولێریش كۆنسێرتێكی گۆرانی پێشكەش بە هەوادارانی خۆی بكات، تارا خان بە خۆشحاڵییەوە دەرفەتێكی بۆ گوڤاری گوڵان رەخساند و بەم شێوەیە بۆ وەڵامی پرسیارەكان هاتە ئاخاوتن ..**

دیمانە: سۆران مارف كەریم
Soran_marf1980@yahoo.com

*** تارا ڕە سول چۆن باس لە ئە زمونی گۆرانی كوردی نوی دەكات؟**

- سەختە بۆ من باس لە ئەزموونی ئەمڕۆی گۆرانی كوردی بكەم لەبەر ئەوەی كەسانی زۆر شارەزاتر و بە ئەزموونتی لە من هەن ئەوان دەتوانن لەو بارەیەوە قسەی هەبیت .بەڵام پێم وایە شێوایەكی زۆر بە هونەری كوردییەوە دیارە. من پێم وایە تێكەڵ كردنی هونەری كوردی بە هونەری جیهانی كێشەیەك بە ئاراستەیەكی سلبی بۆ هونەری كوردی دروست ناكات . من ئەو شێوایەی كە من بە هونەری كوردییەوە دەیبینم دەیگەڕێنمەوە بۆ جیٚ بونەوەی خەڵكێكی زۆر بی ئەزمون لە كەناڵەكانی ڕاگەیاندن زیاتر لە كەسە بەئەزمونەكان ئەم ئاریشەیە خودی ڕاگەیاندنەكان بەشدارن تیایدا.

هەروەها كەسانێك هەن لە وەزارەتێكی دیاریكراو بۆ بەڕێوەبردنی كارە هونەرییەكان ڕەنگە كەسێكی شارەزا بە بوارەكە نەبن، چونكە ئەمە ناكاتە ئەوەی تۆ گۆرانییەك یان سیدییەكت هەبێت و بكرێیتە بەرپرسێك بۆ كۆمەڵێك پڕۆژەی هونەری، چونكە پێشكەوتن و سەركەوتنی هونەرێكی فراوانی دەوێت .

من زۆر جار ئەمە بۆ كەمتەرخەمی و هەڵوێستی هونەرمەندان دەگەڕێنمەوە جاری واهەیە كەسێكی هونەرمەند پۆستێكی پێدەدرێت دەخرێتە بەر قسەو قسەلۆك، من پێم وایە كەسێك بیەوێت خزمەتی هونەر بكات بێگومان كەسێكی هەستیارە .بەداخەوە دەڵێم ئێمەی هونەرمەند لەناو یەكتریدا تەبا نین، تەنیا مەبەستمان شكاندنی كەسایەتی یەكترە.ئەگەر ئێمەی هونەرمەند لە ناو یەكتردا كۆك بین بێگومان كەس ناتوانێت زیان بەهونەری كوردی بگەیەنێت ئەگەر بە

من بڵێین وەرە ببە بە بەڕێوەبەری دەزگایەکی هونەری بێگومان ئەو توانایەم نەبێت کارەکە ناکەم، بەڵام بەداخەوە لێرە خەڵك زۆری پێخۆشە بەرپرسیارێتییەکی هەبێت ئیتر بە لایەوە گرنگ نییە توانای ئەنجام دانی کارەکەی هەیە یاخود نا و بیر لە ئەنجامەکانیشی ناکاتەوە.

***ئەو شێوازە نوێیەی کە ئاماژەت بۆ کرد لە ناو گۆرانی کوردیدا هەیە ئایا ڕەسەنایەتی هونەری کوردی کاڵ ناکاتەوە؟**

-من پێم وایە هونەری کوردی بە پێی پێویست کۆنەکراوەتەوە .زۆر جار کارێك یان ئاوازێك لە لایەن عەرەب یان تورك و کوردیشەوە پێشکەش کراوە . تائێستا یەکلا نەبۆتەوە کە ئەو بەرهەمە موڵکی کام لایەنە، چونکە هەر لایەنێك بە هی خۆی دەزانێت، بە هەرحاڵ دەبێت کارێك بکەین کە موڵکی هونەری خۆمان بپارێزین .نەوەك تۆ مۆسیقایەکی عەرەبی بهێنێت وتەنها تەرجومەی کوردی بێت و هیچی تری تێدا نییە کە کوردی بێت.

*** هەندێك لەو ئافرەتە هونەرمەندانەی لە بوارەکەدا دەرکەوتن زیاتر کاریان لەسەر ستایلی عەرەبی کردووە تۆ چۆن لە کاری ئەوان دەڕوانی ؟**

- ئەوەی جێی سەیرە لای من هەندێك لەو کەسانە کار دەکەن و دواتریش پەشیمان دەبنەوە لە کارەکانی خۆیان ئەوەش ئەنجامی بێ ئەزموونییە، هەروەها پێم وایە کارێکی نا هونەرمەندیانە کە پێیان وایە تەنها دەرکەوتنەکە گرنگە. ئەوانە بۆ یەکێکی وەکو من کە لە بوارەکەدا ئەزموونم هەیە گرنگیان نییە، بەڵام بۆ کوڕی گەنج و کچی گەنج کە لە بوارەکەدا شارەزا نین ڕەنگە جێگای دەست خۆشی بن بەڕاستی من وەك خۆم ئەو کارانە هەر بەکاری هونەری نازانم .

***ئایا بیسەری کورد تائێستا گەیشتۆتە ئەو ئاستەی کارە باشەکان لە خراپەکان جیابکاتەوە ؟**

- بەداخەوە نەوەك بیسەر بەڵکو هونەرمەندی کوردیش تا ئێستا نەگەیشتۆتە ئەو ئاستەی کارە باشەکان لە خراپەکان جیا بکاتەوە . من گوێم لە هونەرمەند بووە ووتویەتی گۆرانییەکی خێرا دەڵێم بۆ ئەوەی بیسەر بەلای خۆمدا ڕابکێشم و فرۆشی سیدیەکەم هەبێ، بەڵام ئەمە کارێکی خراپە، چونکە دەبێت هونەرمەند کار بکاتە سەر ئیحساسی خەڵك تاپەیامە هونەریەکەی خۆی بگەیەنێت .

*** نکوڵی لەوە ناکرێت تارا ڕەسوڵ دەنگێکی دیاری ناو هونەری کوردییە، بەڵام بەداخەوە ماوەیەك بەر لە ئێستا کۆنسێرتێکت ئەنجامدا لە شاری سلێمانی بە شێوەیەکی بەرچاو چۆڵی بە هۆڵی کۆنسێرتەکەوە دەبینرا . هۆکاری ئامادە نەبوونی جەماوەر لە کۆنسێرتەکەدا بۆچی دەگەڕێتەوە ؟**

-من ڕۆحم بریندار بوو لە خەڵکی سلێمانی دەکرا هونەرمەندانی سلێمانی و جەماوەری باشتر ئامادەی کۆنسێرتەکە بونایە، لەبەر خاتری من نا، بەڵام دەبوایە لەبەر خاتری گروپی سەهەند کە کۆمەڵێك ژەنیاری بەتوانای سلێمانین و خزمەتی مۆسیقا و هونەری کوردی دەکەن ئامادەی کۆنسێرتەکە بونایە . بەداخەوە دەڵێم بۆ دوو ڕۆژی کۆنسێرتەکەم لە سلێمانی تەنها سەد بلیت فرۆشراوە کە بۆ من زەرەرێکی ماددی و مەعنەوی زۆر گەورە بوو بۆ من، چونکە لە کۆنسێرتەکەی سلێمانی تەنها خۆم ئەرکی مادیم کێشاوە .

*** لەوە ناترسی کۆنسێرتەکەی هەولێر کە بەنیازی ئەنجامی بدەیت وەکو ئەوەی سلێمانی جەماوەر ووجودی لەناو هۆڵەکەدا نەبێت ؟**

- من وەکو ئاماژەم بۆ کرد دڵم لە سلێمانی شکاوە، من هیوام وایە لە شاری هەولێر پێشوازی لە کۆنسێرتەکەم بکرێت جەماوەرێکی باش ئامادەی کۆنسێرتەکە بێت بۆ ئەوەی چیتر دڵم نەشکێ، ئەرکی ئەم کۆنسێرتە وەزارەتی ڕۆشنبیری حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ئەستۆی گرتووە .

*** وەکو لەبەر چاوە ( تارا ڕەسوڵ ) دەرەنگ دەرەنگ گۆرانی دەڵێت، واتە ساڵانە بایەخ بە ئەنجام دان و بەرهەم هێنانی سیدیەك نادەیت . پرسیار ئەوەیە تا چەند گرنگە هونەرمەند ساڵانە سیدییەکی هەبێت ؟**

-من پێم وایە تۆ بتوانی دوو ساڵ جارێك بەرهەمێکی باش پێشکەش بکەیت باشترە لەوەی سیدیەکی خراپ بەرهەم بهێنیت بۆیە من لەو ڕوانگەیەوە کارم کردووە .

***دەڵێن یاسای پاراستنی مافی هونەرمەند تۆزی لەسەر نیشتووە هۆکاری کەم تەرخەمی هونەرمەند و نەبوونی فشاری هونەرمەندان نییە لە دەسەڵات ؟**

-بە تەئکید هۆکاری سەرەکی هونەرمەندان و کەم چالاکی ڕۆڵی هونەرمەندە، ئەو کەسانەی هونەرمەندن لە شوێنە هونەرییەکان کار دەکەن ئەوەندەی هەوڵی کورسی دەدەن ئەوەندە هەوڵی جێبەجێ کردنی ئەرکی هونەری خۆیان نادەن .

***تارا ڕەسوڵ بە خاوەن ڕێچکەو ستایلی خۆی ناسراوە بیرت لەوە نەکردۆتەوە لەو ستایلەی خۆت گۆڕانکاری بکەیت ؟**

-من تا ئێستا توانیومە لە چەند ستایلێکدا کار بکەم من هەوڵ نادەم شێوازی دەنگم بگۆڕم لەبەر ئەوەی من خاوەن دەنگێکی هێمنم، بەڵام هەوڵ دەدەم شێوازی ستایلم بگۆڕم وەك چۆن دوای تەواوکردنی خوێندنی مۆزیك لە سوید گۆڕانم لە ستایلەکەمدا ئەنجامدا.

بەڵام بەرای تایبەتی خۆم پێم باشە هونەرمەند تاقیکردنەوەی لە زۆربەی ستایلەکاندا هەبێت . تا بزانێت لە کامیاندا سەرکەوتووترە .

*** تا چەند بەرهەمەکانت گوزارشتن بۆ واقعی ژیانی تایبەتی خۆت؟**

- من ئەو بەرهەمانەی پێشکەشم کردوون ئەگەر لە ژیانی خۆمەوە نزیك نەبن بێگومان ناتوانم پێشکەشی دنیای هونەری کوردی بکەم و بە هونەر و گۆرانییەوە گوزارشتیان لێ بکەم.

*** تاچەند ئاشنایەتیت لەگەڵ ئامێرەکانی مۆسیقادا هەیە ؟**

- من خوێندنی تەکنیکی دەنگم تەواو کردووە، بەڵام وەکو هیوایەتێکی خۆم حەزم بە ژەنینی ئامێری گیتارە، بۆیە زۆر جار گیتار دەژەنم .

*** ئێستا پرۆژەی هونەریت جگە لە بەرنامەی کۆنسێرتەکەی هەولێر چییە؟**

- لەگەڵ تەلەفزیۆنی گەلی کوردستان سەرقاڵی وێنە گرتنی ڤیدیۆ کلیپێکم. بە هیوام جێگای ڕەزامەندی هەوادارانی گۆرانی و مۆسیقای کوردی بێت.

*** دوا پەیامت چییە ؟**

- من گۆرانی بۆ ئاشقانی دەنگم دەڵێم گەر ئەوان لە کۆنسێرتەکانم ئامادە نەبن و پێی ڕازی نەبن لە هەمان کاتدت سیدییەکانم فرۆشی نەبێت لە بازاڕەکاندا ئەوا من ناچارم واز لە بواری گۆرانی و هونەری کوردی بێنم.